فؤاد یوسف قزانجی

# کتێبخانەی ئاشوربانیپاڵ

**سەرەتا :**

وا دیارە تا کاتی گەشەکردنی شارستانی‌یەتی میزوپوتامیا لە دەوڵەتانی شار لە دەشتەکانی خوارووی عێراق « ٣٤٠٠-٢٣٥٧ » پێش زایین ، کتێبخانەیەك نەبووە بەرووی تێگەیشتنی تازە لەگەڵ شێوەی کتێبخانەی ئەمڕۆدا بەراوردی بکەین ، بەتایبەتی لەڕووی ڕێکوپێکیو دانانیو دابەشکردنی کتێبەوە.. هتد(١) ٠

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەینێ کە شارەکانی سۆمەرو ئەکەد چەند هۆدەیەك یان چەند خانوویێکیان تێدا نەبووە بۆ تیاهەڵگرتنو پاراستنی بڕوانامەو تۆماربەڵگەنامەکانو کەلەپووری پێشینان لە ڕاستیدا زۆربەی پەرستگا کۆنەکان لەدەوری شارستانیەتی عێراقو میسرو مەکسیك چەند هۆدەیەکیان بەسەرەوە بووە کە پڕبوون لە تاتەقوڕ یا گەڵای » بەردی « و تاتەبەرد کە ئادەمیزاد لەسەرەتای دەوْرەکانی مێژوویی‌یەوە هەستی ئایینی خۆی بە وێنەیو وێردو سروود یان چەند جۆری جادوکاری‌[illegible]ڕیوە ٠

ئەمەش کارێکی وای کردوە کە [illegible] لە مێژوو نووسەکان بڵێن کە سەرەتای پەیدابوونی شت پاراستنو هەڵگرتنی دەگەڕێتەوە پێش مێژوو لە حاڵێکا ئەگەر بێتو ئەوە بخەینە پێش چاو کە ئادەمیزادانی کۆن کۆمەڵێکی زۆر بەردو پێستی

نەخشکراویان کۆکردۆتەوە ٠ هەرچەندە بیری ئەم کۆکردنەوەیە ئاساییە بەڵام ناتوانین وای تێبگەین کە شێوەیەکی ڕێکوپێکی مەبەستو ویستی وەرگرتووە(٢) ٠ هەروەکو گرانیش نیە وا تێبگەین کە سۆمەری‌یەکان شان بە شانی فرعەونی‌یەکانی میسر لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو تۆماری ئایبەتی خۆیان سەردەستە بوون ، لەوانەیە یەکەمین نەتەوەی کۆن بووبن ٠ لە حاڵێکا ئەگەر ساغ بووەوە کە میسری‌یەکان بیری نووسینیان لە سۆمەریەکان وەرگرتبێت ، ئەو سۆمەریانەی کە وەکو شوێنەوارناسی ناسراو « ساميل نوح كرومر » بە دروستکەری لانەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی‌یان دائەنێ ٠

بۆ یەکەمین جار ئەتوانین ئەوەی کە لە پەرستگاکانی سەرەکی کە لە شاری « لكش » کە هەندێ مێژوونوس بە « تلو » دائەنێن « ٢٢٠٠ - ١٧٥٠ » پ ٠ ز دۆزراوەتەوە ، ناوی لێ بنێین کتێبخانە ٠ بەداخەوە ئەوەی لە گەنجینەی ئەم پەرستگایەدا دۆزراوەتەوە لە ئەنجامی پشکنینو بەدواگەڕانێکی ڕێکوپێکدا نەبووە

وەکو ئەوەی کە « دی سارزوك » بە ریکوپێکی دۆزیوێتەوە ٠ بەڵکو بە ڕێکەوت ڕەوەندەکان لە کاتی هەڵکەندندا دۆزیویانەتەوە وە بە هەرزان بە ئارەزوومەندانی شوێنەوارناسە ڕۆژئاوایی‌یەکانیان فرۆشتووە ، بۆیە زۆربەی دۆزراوەکان بە مۆزەخانەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوەو بەشێکیشیان گوم بووەو لەناو چووە ٠

لە پەرستگا گەورەکانی شارەکانی ئوور ، سیپارا، نیپور « نفر » ، ئوروك « الوركاء »و هی‌تردا چەند هۆدەیەك دۆزراوەتەوە کە تاتەقور Deytable ؛ تیا پارێزراوە کە تۆمار نووسەکان ڕووداوی مێژووو باسو خواستی خواوەندەکانو ڕەچەڵەکیان ، ئەفسانەو داستانی هۆنراوە ، هەروەها بایەتی پزیشکی ڕەجەتەی جادوویی ٠٠٠ هتد تێدا تۆمار کرابوو ٠

جگە لەمە ساغ‌بۆوەتەوە کە سۆمەری‌یەکان سیستەمێکی قوتابخانەیی پێشکەوتوویان هەبووە بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە کتێبخانەکانی پاڵ قوتابخانەکان بۆ سوودی بابەتی دەرسەکانیان ، بەتایبەتی لەو قوتابخانەیەدا کە لە « تل حرمل » دۆزراوەتەوە ٠ بەم ڕەنگە دەرکەوتووە کە زۆربەی کتێبخانەکانی سۆمەریو بابلیو ئاشووری جێگای پاراستنی تۆمارکراو بوون ٠ دوا بە دوا کتێبخانەی بابلیو ئاشووری گۆڕانی بەسەرداهات بە جۆری کە دەربارەی ریزکردونو ڕێکخستنی تاتە قوڕەکان ، وەکو لە کتێبخانەکەی ئاشووری بانیبالدا بەرچاو ئەکەوێ لە تۆمارخانەکانی سۆمەری‌یەکانیان تێپەڕکرد ٠

لە میزوبوتامیادا تەتەلەقوڕ یا تەختەقوڕ کەرەسەی

بنەڕەتی‌نووسین بوو، بەڵام لە شارستانیەتی فرعەونی‌دا گەڵای «بەردی»، وە لە شارستانیەتی مایای مەکسیك‌دا بەرد بەکاردەهێنرا ٠ وە ئەم تاتەقوڕانەش لە گڵی پوختەکراو لەگەڵ ئاودا دروست ئەکرا ٠ پاش ئەوەی لە کاو گژوگیا پاك ئەکرایەوە، ئەکرا بە قاڵبی بچووك لە قەبارەی بەری‌دەست یا کەمتر رێك ئەخراو ئەخرایە بەر رۆژ یا سوور ئەکرایەوەو پێش ئەوەی ووشك ببێتەوە بە قەڵەمێکی ئاسن خەتی پواز شێوە یان بسماری ( Cumeiformy ) لەسەر ئەکێشرا ٠

## کتێبخانەی نەینەوا :

زەحمەتە بڵێین کە کتێبخانەیەکی گشتی یا بەو چەشنەی کە لێکۆڵەرەوەکانی دوویان تێ‌کردبێ، دوور لە مەبەستی سەوداو کاروباری بازرگانی یان پەیمانی یاسایی تر، پێش کتێبخانەکەی ئاشوور بانیپاڵ کەوتبێ یا هەتا دەوری ئەمپراتۆری ئاشووری دوایی نەینەوا لە حەوت هەزار ساڵ پێش زایین‌دا هەبووبێ٠ جا کتێبخانەی ئاشووری لە نەینەوا دەگەڕێتەوە دەوری سەنحاریب باپیرە گەورەی ئاشوور بانیپاڵ ٠

وە ئاشوور بانیپاڵ تاتە قوڕەکانی لە کۆشکی باپیریەوە لە لای خوارووی « تل کونجق » گواستەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی لە قووڕنەی باکووری گردەکەوە کە ئەمەش بەرزاییکە رووبەرەکەی کیلۆمەترێك دەبێ لە کەنار رووباری دجلەوە لە نەینەوا کە ئێستا دەکەوێتە لای رۆژئاوای شاری مووسڵ ٠

پاشای رۆشنبیر ئاشوور بانیپاڵ بەشێکی لە کۆشکە گەورەکەی کە لە ٣٦ هۆدە پێك هاتبوو، تەرخان کردبوو بۆ پاراستنی هەزارەها تەتەڵەقوڕ کە لە هەر چوار لای ئەمپراتوورییە تەکەیەوە کۆی کرد بووەوە، بۆ ئەوەش خەڵکی دەنارد بۆ گەڕانو دۆزینەوەی نووسینە کۆنەکانو ئەدەب رۆشنبیریەکانی سەردەمانی پێشوو بە تایبەتی ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە جادوکارییەوە هەیە کە پاشای جەنگاوەر ئارەزووی دەکرد، وە ئەو شوێنەیٚ کە ئەم هەزارەها تاتە قوڕەی تیا کەڵەکە کرا ناونرا بە « خانووی تاتەقوڕ » وە رادەی بایەخدان پاشا بەم کۆمەڵە تاتە توڕانە لەو نووسینەدا دەرئەکەوێ کە لەسەر هەندێ لەم تاتە قوڕانەی کتێبخانەکەیدا دەینووسێ ٠

کۆشکی پاشا ئاشوور پانیپاڵ، پاشای جیهان، پاشای پشت‌بەستوو بە « ئاشوور » و « بعلیت » لە لە خواکانی ئاشوور کە پاش گوێی لە (بنو)ی شای حیکمەت‌زانی گرتووە کە کەس لە پاشاکانی پێش خۆی نەیتوانیوە کە زانایی خواوەندی ( بنو ) فێر بێ، کەوا لەسەر ئەم تاتە قوڕە نووسیوێتی ٠ من ئەوەی ویستوومە بیخوێنمەوەو فێری ببم لەسەر ئەم تاتە قوڕانە نووسیومەو خستوومەتە ناو کۆشکەکەم هەر کەس لەجێی خۆی هەڵیان گرێت یان نووسینەکانیان لێ بسڕێتەوە یا ناوی خۆی بخاتە جێگای ناوی من خواکان نەحلەتی لێ دەکەنو لەسەر زەوی ناهێڵن(٥)٠

هەرچەندە کتێبخانەی ئەسکەندەریە لە رووی گەورەیی، ناوەڕۆك، سەرچاوەو رێکوپێکییەوە لە کتێبخانەی ئاشوور بانیپاڵ پێشکەوتووتر بووە بەڵام ئەوەی کەوتۆتە بەر چنگمان لە کتێبو دەستنووسەکانی زۆر کەمە تەنها هەر چەند سەدێکە لە گەڵای «بەردی» کە لە ناوچەی « نجع حمّادی » لە میسر لەژێر گڵ‌دا دۆزراوەتەوە ٠ بۆیە زۆربەی زانینمان دەربارەی چالاکیو دەستنووسو کاربەدەستانیو ناوەڕوەکانی لە سەرچاوەی نووسینی ئەو مێژووناسانەمان وەرگرتووە کە پەیوەندیان بە رۆشنبیری یونانیەوە هەبووە، وەکو هیرۆدوتس ٠ ئەمە لە کاتێکدا توانراوە زیاتر لە [ ٢٥ ] هەزار تاتەقوڕ لە ژێر کۆشکی ئاشوور بانیپاڵ‌دا رزگار بکرێ ٠ چونکە یەکسەر کەلەپووری سۆمەرییو بابلیو ئاشووری ناو کتێبخانەکە تەرجمە کراون، هەر بۆیە زانینمان دەربارەی کتێبخانەی پاشایی لە نەینەوادا ووردو تەواوە ٠ دیارە پاراستنی کەلەپووری میزۆپۆتامیا بە گرنگترین کارە مێژووییە کتێبخانەییەکانی ئەم کتێبخانەیە دائەنرێ ٠

جگە لە پاراستنی زۆر سەرچاوەو چاوگەی گرنگ کە لەم لاو ئەو لایدا لەژێر خاکدا دەرهێنراون وە هەرە [illegible]یان داستانی گەلگامیشو فەرهەنگی زمانی با[illegible]ووریە ٠

یەکەمین کەس کە دەستی کرد بەکارو هەڵکەندن لە « تل کونجق » لە نەینەوا، « بول بوتا » ی کونسولی فەرەنسی بوو کە لە ساڵی ١٨٤٢ بوو، پاشان لە ساڵی ١٨٤٥ دا ئەم جێگایە بەتەواوی دیاری‌کرا، سیر « ئوستن منری یاردی » (x) بش نامەو نامەکاری لەگەڵ بوتا هەبووە لە شێوەو لە دەستنووسەکانی ئەم شوێنە یارمەتی ئەدا، جگە لەمە پشکێنەری عێراقیش « هورمز رسام » و « سمث »ی شۆێنەوارناسیش لە پەردەلادان لەسەر پاشماوەکانی

کۆشکی ئاشوور بانیپاڵو کتێبخانە گەورەکەی لە نێوان ساڵانی ١٨٤٥ـ١٨٥١ یاریدەیاندا ٠

---

سیر « ئوستن هنری لیارد » بەناوبانگترین لێکۆڵەرەوەو تاڵانکەری شوێنەواری عێراقی یە « ١٨١٧ـ١٨٦٤ » زۆربەی ژیانی لەگەڵ باوکی کە ئەفسەر بوو لە دەرەوەی بەریتانیادا بردۆتە سەر ، وە هەر لەسەرەتاوە حەزی بە سەفەرو سەرکێشی کردووە لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ وولاتەکەی خۆی بە عێراقدا تێپەڕی ، بە ڕێکەوت بەرگوێی کەوت کە خەڵکی پەیکەر ئەدۆزنەوە ، بۆیە لیارد بیرو ئارەزووی خۆی لەم مەیدانەدا خستە بەردەم کاربەدەستانی بەریتانی کە ئەوانیش چ بە پارە یا ئامۆژگاری یارمەتیان‌داو هانیان‌دا چنگ بەسەر ئەو عەنتیکانەدا بگرێ کە دەیان دۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنەوارەی دەستی ئەکەوێ لە ناوی نەبا ٠ ئەوەبوو ساڵی ١٨٤٥ شوێنەواری شاری نەمرودی دۆزییەوە وە لە ساڵی

ئایندەدا دەستی بە هەڵکەندن کرد ، لە هەوەڵ کوودا پەیکەری « گای باڵدار » وە میلە بەردی شلمانصر وە هەندێ پەیکەری دیواری ئاشوورییەکانی دۆزییەو ، لەگەڵ چەندین تاتەقوڕ کە لەسەرەتادا هیچ گوێی نەدایە چونکە بایەخی هەر بە پەیکەرە داتاشراوەکان دەدا ٠ پاشان دەستی‌کرد بە هەڵکۆڵین لەسەر « تل کونجق » کە بە یارمەکی بوتاو هورمز رسام کۆشکی سەنحاریبو ئاشوور بانیپالی دۆزییەوە کە دوو هۆدەی گەورەی تیا بوو پڕ بوو لە تاتە قوڕ کە بە هۆی

هورێی یارمەتی دەریەوە « سمث » تێ‌گەیشت کە ئەمانە تاتە قوڕی کتێبخانەی ئاشوور بانیپالن کە لەدواییدا(٢٠) بیست هەزاری لێ نار[illegible]ۆزەخانەی بەریتانی ، سەربارەی ئەو دەستی بەس[illegible]پەیکەرو ئەو پارچە نووسراوانەدا گرت کە دیوارو دەرگاکانی کۆشکی هەردوو پاشای ناوبراوی گرتبووەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر لەو شوێنەوارانەی کە لە بابل دۆزیبووەوە بە کەلەك لە ڕێگای رووباری دجلەوە بە قاچاخ فڕانی بۆ بەریتانیا ٠

گرنگترین نووسینی ئەمانەن

1—Nineveh and Babylon 1851-1897.
2—Nineveh and its Remains 1897.
3—Discoveries of The Ruins of Nineveh and Babylon 1853.

هەر لە کەلاوەکانی ئەم کۆشکەدا ناوەڕۆکی کتێبخانەی شاهانەیان دۆزییەوە کە هەرگیز لە قیمەت نایەت کە شتەکانی بە ڕێکوپێکی یەکی بێوێنە وە لەماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا پارێزراو بوو ٠

ئاشوور بانیپاڵ لە هەر چوار لای وڵاتەوە ئەم تاتە قوڕانەی گواستەوە بۆ نەینەوا بە ڕەنگێ کە کتێبخانەکەی پڕ بوو لەم تاتە قوڕانە کە بوو بە زیاتر لە (٢٥) هەزار تاتە قوڕ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گەلای «بەردی» کە ئێستاکە زۆربەی لە مۆزەخانەی بەریتانیاو مۆزەخانەی لوڤەر لە پاریس‌دا پارێزراوە«٦» ٠

ئاشوور بانیپاڵ هەروەها فەرمانی بە تۆمار نووسەکانی خۆیدا تا بە هەر چوار لای ئەمپراتۆریەتی ئاشووریدا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی تاتە قوڕو نووسیناوەی ئەم بەرهەم و نووسینانە کە لە کەلەپووری سۆمەریو ڕۆشنبیری بابلی پێش خۆیان بەجێ‌ماوون ، وا دیارە فەرمانی پێ داون کە بگەڕێن بە شوێن ئەو تاتە قوڕانەدا کە لەژێر زەمین دایە٠ ڕادەی بایەخ‌دانی ئاشوور بانیپاڵ بە کتێبو زانست گەیشتبووە پلەیەك مەکەر بە دەگمەن ڕۆشنبیری چەرخی خۆی لێی نەدوابن ٠ خۆیشی لەسەر ئەو دوو تاتە قوڕەی کە لە مۆزەخانەی بەریتانی‌دا هەڵگیراوە باسی خۆی دەکاتو دەڵێت « من ئاشوور بانیپاڵم داناى (نابو) تێ‌گەیشتووم ، گەیشتوومەتە ڕادەیەك کە تێکڕا هونەرەکانی نووسیی سەر تاتە قوڕەکان تێ‌بکەم ، دەزانم چۆن کەوان بەکاربهێنمو چون سواری ولاخو عەرەبانە ببم وە جاەویان بگرم ٠ مەردۆخ داناى خوداوەندان زانیاریو تێگەیشتنی بە دیاری پێ ڕەوابینیووم ٠ اتورتو شرجالیش ٦ مێرخاسیو هێزو نەبەردی بێوێنەی پێ بەخشیووم پیشەی ئادابی داناش فێربووم ٠ هەرچ هونەری نهێنی کتێبخانە هەیە شارەزا بووم ، دەربارەی بناغە دانانی ئەرزو ئاسمانەوە شتم خوێندووەو لێی حاڵی بووم ، کۆبوونەوەکانی کتێبخانەشم دیوە ٠ ئاگام لە ناخۆشیو خۆشی بووە٠ ئاسمانەکانم لێك‌دانو دابەشی کردن ، کە لە هەوەڵ کوودا روون نی‌یە ، گشتیم گوێ لێ بووە ٠ هۆی بەختیاریم لەوەدا بووە کە نووسینی جوانو ڕەقەکانی بەزمانی سۆمەریو

نووسینه ئەکەدی یەکان کە گران دەخوێنرێنەوە جارێکی‌تر بیان نووسمەوە ٠٠٠٠ بە لێزانیومە سواری جوانووی ئەسپ بووم تا هەڵم نەگرێ ، کەوانم راکێشاوەو تیرم هاویشتووە ٠ ئەمەیە پیشەی جەنگاوەر ٠ سونکی راچەنیو رمی کوورتم وەشاندووە وەکو عەربانچی یەك جلەوەم بەدەستەوە گرتووەو پێوینیی قەلغانو زری جنەکانم کردوە وەکو هەموو پێشرەوێك ٠ هەموو ئەو زانیاریانەشم زانیوە کە نووسەران بە هەموو پلەو پایەی جیاوازیانەوە کاتێ کە پێ دەگەن دەیزانن ــ ئەوەی کە لەگەڵ دەستەلاتداری‌و گەورەیی‌دا بگونجێت فێری بووم وە لەسەر رێگاکانی پاشایی خۆم رۆیشتووم«٧» ٠

ئەم ووشانە کە خۆشەویستی یەکی قووڵی ئاشوور بانیپال دەردەبرێ بەرامبەر زانستی ، بۆمان ساغ ئەکاتەوە کە ئەم کۆمەڵە گەورە تاتە قوڕەی کە لە کتێبخانەدا بووە ، وەکو پەیڕەوی کتێبخانەکەدا گەلێ نووسینی بابلی سۆمەری بینراوە بەتایبەتی ئەو باسانەی کە ئاشوور بانیپال حەزی پێ کردووە وەکو جادووگەری ، کاروباری ئایینی‌و فاڵگرتنەوەو زانینی چارەنووسی ، هەروەکو لە کتێبخانەکەدا گەلێ نووسینی بابلی سۆمەری بینراوە کە بۆ دەرکردنی شەیتانو دوورکەوتنەوە لە خراپەو ئازاری‌و پێش‌بینی‌کردنی غەیب بەکارهاتووە ، وە لە تاتە قوڕەکاندا گەلی کتێبی ئەستێرەشناسی‌و لیستەی فاڵزانی‌ی ئەرزو ئاسمانی تێدا بووە وە لە تەنیشتی‌وە هەندێ رێنوێنی‌ی توندو تیژ نووسراوە کە یارمەی چۆنێتی خوێندنەوەیان دەدات ، هەر لە مانەشی‌دا چەند باسێکی لێکدانەوەی خەون هەیە کە هیچ کەمتر نیە لە بەرزترین ئەو لێکدانەوەی کە زانیاری دەروونی نوێی ئەمڕو هێناویەتەکایەوە«٨» ٠

بەم چەشنە ئاشوور بانیپال کە ٤٢ ساڵ فەرمانڕەوایی کردوە «٦٦٨ــ٦٢٨» پێش زاین بە یەکەمین کتێبخانەگەری ئەژمێررێ لە کاروانی ئادەمیزاددا ، شەڕی زۆرو داگیرکردنی بێ پایان هەرگیز نەبۆتە کۆسپ لە رێگەی بایەخ‌دانو گەڕان بە شوێن ئەو تاتە قوڕانەی کە پێشینیان نووسیویانە، هەروەها سەرپەرشتی‌کردنی تایبەتی خۆی بۆ پێکهێنانی کتێبخانەو دانانی یارمەتی‌دەر بۆ ریزکردنو خانەخانەکردنی کتێبەکان بەلگەیەکی ترە بۆ دەوری ئاشوور بانیپال ، لە حاڵێکا لەسەردەمی سۆمەری‌و بابلی‌دا کارگێڕی کتێبخانەکانو تۆمارخانەکانی یا قشە کتێبخانەگەری یا مامۆستایەکی کتێبخانەیی بووە ٠ پێش ئاشوور بانیپال مێژوو کەسێکی تری بەخۆیەوە نەدیوە کە هەوڵ بدا بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی بەم شێوە فراوانە ٠

هەر وەکو کتێبخانەکانی سۆمەری‌و بابلی بریتی بوون یا لە حوجرەیەك [پەرستگای شار] یا قوتانجانەیەکی گشتی شار کە بە گشتی تاتەقوڕیان تیا دانو بوو و هەرگیز لەوە زیاتر نەبوون کە کتێبخانەیەکی بەلگە نامەکان بنو بەس ٠٠٠ وە کتێبخانەی لێکۆلینەوەو بەدواگەڕاندا نەبوون ، بۆیە دەتوانین بلێین کە کتێبخانەی پاشایی بە وێنەی کتێبخانەکانی دەوری سۆمەری‌و بابلی خانوویەك نەبووە بۆ تۆمارو دەستنووسە بازرگانی‌و رەسمی یەکان بەلکو بریتی بوون لە کتێبخانەیەکی نیشتمانی یا نەتەوەیی کە تێکڕا کەلەپووری میزوپۆتامیای تیا خەرمان کراوە ٠ هەروەها زەحمەتە دان بنێین بە بوونی کتێبخانەیەکی گشتی پێش کاتی ئەمپراتۆریەتی ئاشووری دوایی لە نەینەوا ٠٠٠ کتێبخانەیەك کە خوێندەوار رێ‌ی‌ پەری لێ‌بدا بۆ گەڕان بە دوایی بەلگە نامە ، بەیان‌نامە دەقەکانی خوێندنو قوتابخانەیی ٠

هەروەکو گوتمان ئاشوور بانیپال بەشێکی گەورەی لە کۆشکەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەو کتێبخانەی کە بە دەیەها هەزار تاتەقوڕی تێدا بوو کە بە پێ ئەو بابەتە سەرەکیەوە ریزکرابوون کە ئاشوور بانیپال بایەخی پێ دەدان وەکو جادووگەری، فاڵگرتنەوە [illegible]ستێرەناسی ، مێژووی خوداوەندو پاشاکان«٩» [illegible] هەروەها لە کتێبخانەی نەینەوادا چەشنە پەیڕەوێکی گشتی بۆ دانانی کتێب بەکار نەهێنرا کە پێیان ئەووت پەیڕەوی پاشایی کە ئەم ناوەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئاشووربانیپالی پاشا ، هەروەکو چەند سوچێکی تایبەتی لەم کتێبخانەیە تەرخان کرابوو بۆ هەندێ بابەتی گرنگ ، وە سەری دەرگاکانیشی دانرابوون بۆ ئەو کۆمەڵە تاتە قوڕانەی کە لەسەریەوە لیستەیەك هەیە بە رێکوپێکی لەسەر رەفەکان دانراوە یا خراوەتە ناو کوپەی فەخفوری یەکان ٠

وەکو دەرئەکەوێ رێگای کتێب خواستن ، کە بەگوێرەی رێکوپێکی یەکی حیسابی دەکرا ، بە گەورەترین کار ئەژمێررێ لە رووی رێکخستن

کتێبخانەییەوە ، ئەوەی شیاوی باسە ، لە کتێبخانەکەدا تاتەقوڕی وای تێدایە کە بریتی یە لەیەك بابەت بەزنجیرە هاتووی لەسەر شێوەی کتێب کە هەموو کتێبێکیش لەچەند تاتە قوڕێك پێك دەهات لە قەوارەیێکی دیاریکراوا وە پەراوێزێکی دروستیش لەسەرەوە بووە لە پاشکۆش شێوەو بەدەرنەبوو«١٠» .

بەلای کەمەوە کتێبخانەکە دوو هۆڵ یا دوو حوجرەی گەورەی لە کۆشکەکەدا گرتبوو لەگەڵ ڕاڕەوێکی درێژ کە ڕەنگبێ گۆشەی تایبەتی ی خواستنی کتێب بوو بێت«١١» .

بەزۆری پوختەی مێژووی میزوبوتامیا لە لێکدانەوەی ئەو نووسینی سۆمەری ئەکەدییانەدا دەرکەوتووە کە لە کتێبخانەکەی نەینەوادا پارێزراون. شیاوی باسە قەبارەی گەورەترین تاتە قوڕ «٩×٥ر٦» گرێیەو بچووکترینیان کەمێك کورترە ، درێژی یەکەی لەیەك گرێ کەمترە«١٢» .

شێوەی مۆرو پێریست دانان کە لەم کتێبخانەیەدا بەکارنەهێنرێ بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو شێوانەی کە کتێبخانەی ، میسری ، عیبریو حیثیدا هەیە پێشکەوتووترێکە تاتە قوڕەکان بەپێی بابەتەکان بەئاسایی یا لە گۆشەی سەرەوەی تاتە قوڕەکە یا لەسەر پارچە قوڕی جیا دەنووسرێتو ئەخرێتە سەر ڕەفا .

## داستانی گلگامیشو داستانەکانی تری عێراقی

لە دۆزراوە بەنرخەکانی کتێبخانەکە ئەو دوانزە تاتەقوڕەیە کە داستانی گلگامێشی لەسەر نووسراوەتەوە کە باوەڕوایە سەرچاوەی چیرۆکی تۆفانی دەوری کۆنە «تورات» . ئەمەش بەیەکەمین کاری ئەدەبی داستانی شێوەی بەرزی ئادەمیزاد لە چەرخی کۆندا دائەنرێ . سال ١ « جورج سمث » شوێنەوارناسی بەریتانی کە نیشانەکانی کردەوە ، دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ چیرۆکی تۆفاندا کە لە « سفر التکوین »دا باسکراوە لەیەك ئەچن . کە لە دوانزە پارچە سروودیان دوانزە بەشی پێك هاتبوو کەهەریەکەیان «٣٠٠» دێرە ، کە زاناکان وای بۆ دەچن کە نووسینەوەی دەگەڕێتەوە دەوری بابلی کۆن دەوروبەری سەرەی حەقدەمین یا هەژدەمینی پێش زایینی«١٣» . هەروەها لە کتێبخانەی نەینەوادا گەلێ تاتەقوڕی تر دۆزراوەتەوە کە چەند داستانێکی تر وەگێرنەوە ، لەمانە :

ـ داستانی خواژنی عوشتار ، خوای پارێزەری شاری نەینەوا کە بریتی یە لە چیرۆکی هاتنە ـ خوارەوەی ئەمخوایە بۆ جیهانی خوارەوە بۆ گەڕان بە شوێن تەموزی خۆشەویستی دا کە یەکانەیەك هێرشی بردبووە سەریو کوشتبوویبووی .

٢ ـ داستانی پەیدابوونی گەردوون کە بریتی یە لە کێشەی سەختی نێوان « تیامات » ئەژدیهای مێ لەگەڵ « مەردوۆك » یا «مردوخی» قارەمانە خوا کە ئاشووری یەکان لە شێوەی خوای ئاشووردا پەرستوویانە .

٣ ـ چەند چیرۆکێکی خەیاڵی تریش هەن دەربارەی «ئەتانا» کە لەسەر پشتی سیمرغێك چۆتە ئاسمان ، پاشان ماندوو بووەو کەوتۆتە خوارەوە«١٤» .

## گرنگترین سەرچاوەکانی شارستانیەتی میزوبوتامیا:

جگە لە باسی شەڕو خواوەندو جادووگەریو فاڵگرتنەوە ، کۆمەڵە تاتە قوڕی تر هەیە کە بەسەرچاوەیەکی یەکەمین لەنرخنەهاتوو دائەنرێ ، وەکو:

١ ـ انسکلوبەدای ڕێزمانی ئاشووری بابلی .
٢ ـ لیستەیەك بەناوی ئەفسەرانی «ایبوینوس» .
٣ ـ زنجیرەی مێژوویی هەردوو دەوڵەتی بابلو ئاشوور .
٤ ـ فەرهەنگی جوگرافیایی شاخو هەندێ ناوچە .
٥ ـ کۆمەڵێك لە قەباڵەو ژمارەو لیستە .
٦ ـ ووتارێك دەربارەی مافەکانی تایبەتی«١٥» .
٧ ـ مێژووی ڕووداو بەپێی زنجیرە کات کە بریتی یە لە ڕووداوی گۆڕینی سنوور لە نێوان ئاشوور و بابل ، ناوی پاشایان . ئەو پاشایانەی کە لە ماوەی ١٦٠٠ ـ ٨٠٠ پێش زایینیدا فەرمانڕەوایی یان کردووە .
٨ ـ لیستەی مێژوویی لە ماوەی ٩٠٠ـ٦٠٠ پێش زایینیدا .

کلدانیو میدیاییو شالاو هێنەرانی تر ، بە وێنەی ئاشووریەکان ، وە پێش ئەوانیش سۆمەری یەکان زۆر بە تەنگ کتێبخانەو جێگای تۆمار دانانەوە هاتوون . بە هۆی هێرشبەرانی یەك لە دوایی یەکی ئەم داگیرکەرانە ، وە بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازی «دیوار بڕ» کە بۆ لێدانی شوورای شارە گەمارۆکان بەکار ئەهێنرا ... ئەو کۆشکە بەرزەی پاشای ئاشوور ڕووخا ، دیوارە ڕووخاوەکان تاتەقوڕی کتێبخانەکەیان خستە ژێر خۆوە . بەم چەشنە لەسایەیدا ئەم «تاتە قوڕانە بە پارێزراوی بۆ ماوەی «٢٥» بیستو پێنج سەدە مانەوە .